# فیقهی ئاسان : پەرتووکی ڕۆژوو

# دەروازەی پێنجەم : مانەوە لە مزگەوت بە نیەتی طاعەت وعیبادەت (الاعتكاف)

الفقه الميسر: كتاب الصيام، الباب الخامس : في الاعتكاف

< kurdish - كردي - کوردی >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء



وەرگێڕانی: دەستەی بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# مانەوە لە مزگەوت بە نیەتی طاعەت وعیبادەت

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەیارمەتی خوای گەورە لەم ووتارەدا باسی چوار بابەتی سەرەکی دەکەین، پێناسەی ئیعتکاف و مەرجەکانی لەگەڵ ماوەی ئیعتکاف وسونەتەکانی، وە ئەوەش دروست لەکاتی ئیعتکافدا ئەنجام بدرێت، کۆتا بابەتیش مەسئەلەی باسکردنی ئەو شتانەی کە ئیعتکاف بەتاڵ دەکاتەوە، بە ئومێدی ئەوەی سوودی هەبێت بۆ هەموو لایەك : -

ئەمەش چەند بابەتێکی لە خۆ گرتووە : -

**بابەتی یەکەم : پێناسەی ( ئیعتکاف ) وحوکمەکەی : -**

1-پێناسەکەی : لە زمانەوانیدا : بە مانای پابەند بوون بەشتێك وهەناسەنەدان لەسەری .

لە شەرعیشدا بە واتای : مانەوە لە مزگەوت بە نیەت ومەبەستی طاعەت وعیبادەتی خوای گەورە دێت .

1-حوکمەکەی : یەکێکە لە سوننەتەکان و هۆکاری نزیك بوونەوەیە لەخوای گەورە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْعَٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ ﴾ [ البقرة: ١٢٥ ] .

واتا : فەرمانمان کرد بە ئیبراهیم وئیسماعیل کە ماڵەکەم لە هەموو پیسی وخراپەیەك پاك بکەنەوە، تا پاکو خاوێن بێت بۆ تەوافکەران و بۆ عیبادەت و بۆ ڕکوع وسوژدە بردن تیایدا.

ئەو ئايەتەی سەرەوە بەڵگەیە لەسەر مەشروعیەتی ئیعتکاف تەنانەت لە گەل وئومەتەکانی پێشووتریشدا .

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمۡ عَٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَٰجِدِۗ ﴾ [ البقرة : ١٨٧ ] .

واتا : بەڵام ئەو کاتەی کە لەمزگەوتدا خەریکی ئیعتیکاف دەبن تێکەڵی ژنانتان مەکەن، واتە: چوونە لای ژنانتان لە تەواوی شەوەکانی ڕەمەزان و غەیری ڕەمەزاندا بۆتان ڕەوایە، مەگەر کەسێك لە مزگەوتدا نیەتی ئیعتیکاف و خەڵوەی هێنابێ ، دیارە نابێ ئەو کەسەیە بەهیچ شێوەیەك لە ژنەکەی نزیك بێتەوە؛ ئەگینا ئیعتیکافەکی هەڵدەوەشێتەوە .

عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : " كان النبي ( صلى الله عليه وسلم ) يعتكف العشر الاواخر من رمضان حتى توفاه الله " [1] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هەموو دە شەوێکی کۆتایی مانگی ڕەمەزان لە مزگەوتدا دەمایەوە بە نیەت ومەبەستی طاعەت وعیبادەتی خوای گەورە تا ئەو کاتەی خوای گەورە بردیەوە بۆ لای خۆی و وەفاتی کرد .

موسڵمانانیش هەموو کۆدەنگن لەسەر مەشروعیەتی ئیعتکاف، وە لەسەر ئەوەشی کە سوننەتێکە لە سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وە واجب نیە لەسەر هیچ کەسێك مەگەر کەسێك خۆی وەك نەذر لەسەری خۆی واجب بکات .

بەمەش ڕوون بوویەوە کە مەشروعیەتی ئیعتکاف بە قورئان وسوننەت و کۆدەنگی موسڵمانان ثابت وجێگیر بووە .

### بابەتی دووەم : مەرجەکانی ئیعتکاف :

ئیعتکاف عیبادەتێکە بۆ ئەوەشی ڕاست ودروست بێت چەند مەرجێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەوانیش بریتین لە : -

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2020) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1172) ڕیوایەتیان کردووە .

1-ئەو کەسەی کە ئیعتکاف دەکات دەبێت موسڵمانێکی ژیری مومەیەز بێت، بۆیە ئیعتکافی بێباوەڕ وشێت ومناڵێکی غەیر مومەیەز دروست نیە، سەبارەت بە مەرجی باڵغی و نێرینەیش زانایان بەمەرجیان دانەناوە، بۆیە ئیعتکافی کەسێکی نابالغی مومەیەز دروستە، هەروەها ئیعتکافی ئافرەتانیش هەر دروستە .

2-نیەت : نیەت ومەبەست بکەیت کە ئەو ئیعتکاف کردنەت بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەبارەی گرنگی نیەتەوە بۆ هەموو کارێکی خێر فەرموویەتی : " إنما الاعمال بالنيات " [(1)] .

واتا : هەموو کار وکردەوەیەك بەپێی نیەتە .

بۆیە دەبێت ئەو کەسەی کە ئیعتکاف دەکات نیەتی بۆ خوا و ڕەزامەندی ئەو بێت، ئەوجا خوای گەورە بە طاعە وعبادەت و خێر بۆی دەژمێرێت، وە ئەگەر بۆ ئەویش نەبوو خوای گەورە پێویستی بەوەها کارێك نیە .

3-دەبێت ئیعتکاف کردن لەناو مزوتدا بێت، چونکە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : ﴿ وَأَنتُمۡ عَٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَٰجِدِۗ ﴾ [ البقرة: ١٨٧ ] .

واتا : لە کاتێکدا کە ئێوە بە نیەت مەبەستی خواپەرستی لەناو مزگەوتدان .

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە مزگەوتدا ئیعتکافی دەکرد، وە نەوتراوە وڕیوایەت نەکراوە کە ئیعتکافی لە غەیری مزگەوتدا کردبێت .

4-ئەو مزگەوتەی کە ئیعتکافی تێدا دەکرێت دەبێت لەو مزگەوتانە بن کە نوێژی جەماعەت بەکۆمەڵیان تێدا دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەو کاتەی کە ئیعتکافی تێدا دەکات بکەونە بەر ئەو کاتانەی کە نوێژە فەرزەکان لەو مزگەوتە بۆ کۆمەڵ لەگەڵ موسڵمانان بکات، وە ئەو کەسەش لەوانە بێت کە نوێژی بە کۆمەڵی لەسەر واجبە، چونکە ئەگەر هاتوو ئیعتکاف لە مزگەوتێکدا کرا و نوێژی بەکۆمەڵی تێدا ئەنجام نەدەدرا ئەوا ئیعکافەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە نوێژی بە کۆمەڵی لەکیس بچێت، یان

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1907) ڕیوایەتیان کردووە .

ئەگەر وویستی نوێژی بەکۆمەڵ ئەنجام بدات ئەوا هەموو جارێك بۆ نوێژ كردن ناچار بێت بچێتە دەرەوە لەو مزگەوتەی کە ئیعتکافەکەی تێدا کردووە، چونکە ئەو مزگەوتە خۆی نوێژی بەکۆمەڵی تێدا ناکرێت، ئەمەش یەك ناگرێتەوەلەگەڵ خواست ومەبەستەکانی ئیعتکافدا، بەڵام سەبارەت بە ئافرەتان دروستە ئیعتکاف لەهەموو مزگەوتێکدا بکەن، جا ئەو مزگەوتە نوێژی بەکۆمەڵی تێدا بکرێت یان نا، ئەگەر هاتوو ئیعتکافەکەی سەری نەدەکێشا بۆ فیتنە وخراپەکاری، خۆ ئەگەر سەری کێشا بۆ وەها کارێك ئەوە ڕێگری لێدەکرێت .

دەبێت ئەوەش بزانین ئەو مزگەوتەی کە ئیعتکافی تێدا دەکرێت باشتر و ئەفزەڵتر وایە کە نوێژی هەینی تێدا بکرێت، بەڵام ئەمە بەمەرج نەگیراوە بۆ ئیعتکاف کردن .

5-پاکوخاوێنی لە بێدەست نوێژی گەورە، -لەشگران–بۆیە ئیعتکافی کەسی لەشگران وئەو ئافرەتەشی لە سوڕی مانگانە و خوێنی منداڵ بووندایە دروست وصەحیح نیە، چونکە ئەو جۆرە کەسانە دروست نیە لەناو مزگەوتدا بمێننەوە .

سەبارەت بە ڕۆژوو بوونیش مەرجی ڕاستی ودروستی ئیعتکاف نیە، ئەویش بەڵگەی ئەم ڕیوایەتە : " روي عن ابن عمر ( رضي الله عنهما ) أن عمر قال : يارسول الله إني نذرت في الجاهلية أن أعتكف ليلة في المسجد الحرام, فقال : ( أوف بنذرك ) (1) .

واتا : عەبدوڵای کوڕی عومەر ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێت : عومەری باوکی ووتی : پێغەمبەری خوا لە سەردەمی نەفامییدا نەزرم کردبوو کە شەوێك لە مزگەوتی حەرام بە نیەتی ئیعتکاف وخواپەرستی بمێنمەوە، پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : لەگەڵ نەزرەکەی خۆت وەفات هەبێت وجێ بەجێی بکە .

چونکە ئەگەر بهاتایە ڕۆژوو گرتن مەرجی دروستی ئیتعکاف بوایە، ئەوا ئیتعکاف کردن لە شەودا دروست نەدەبوو، کە ڕۆژوو گرتنی تێدا نیە، وە هەروەها ڕۆژوو و

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2032) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1656) ڕیوایەتیان کردووە .

ئیعتكاف كردن هەرەیەكەیان بۆ خۆی عیبادەتێكی سەربەخۆیە، وە بۆ ڕاست ودروستی هەریەكەشیان ئەوی دیكە بە مەرج نەگیراوە .

**بابەتی سێهەم : ماوەی ئیعتكاف وسوننەتەكانی، وە ئەو شتانەی كە دروستە لەكاتی ئیعتكافدا ئەنجام بدرێت :**

1-ماوەی ئیعتكاف وكاتەكەی : مانەوە لە مزگەوت بۆ ماوەیەك ڕوكنی ئیعتكاف كردنە، بۆیە ئەگەر هاتوو مانەوە لە مزگەوت نەبوو ئەوا ئیعتكافەكە دانامەزرێت، سەبارەت بە كەمترنی ماوەی ئیعتكافیش زانایان ڕایكانیان جیاوازە، بەڵام ڕای ڕاست ودروست ئەوەیە - إن شاء الله – ئیتعكاف كردن لانی كەمی ماوەیەكی بۆ دیاری نەكراوە، بۆیە ئیعتكاف كردن دروستە ئەگەر بۆ ماوەیەكی كەمیش بێت ، بەڵام باشتر وئەفزەڵترە وایە كە لە شەو ورۆژێك كەمتر نەبێت، چونكە نە لە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) و نە لە هاوەڵانیشەوە ثابت نەبووە كە لە شەو ورۆژێك كەمتر ئیعتكافیان كردبێت .

باشترین كاتیش بۆ ئیعتكاف كردن دە شەوی كۆتایی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێشتر ئاماژەمان پێدا كە دایكی باوەڕداران عائیشە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی كردبوو، كە دەڵێت : كان النبي ( صلى الله عليه وسلم ) يعتكف العشر الاواخر من رمضان حتى توفاه الله " [(1)] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) هەموو دە شەوێكی كۆتایی مانگی ڕەمەزان لە مزگەوتدا دەمایەوە بە نیەت ومەبەستی طاعەت وعیبادەتی خوای گەورە تا ئەو كاتەی خوای گەورە بردیەوە بۆ لای خۆی و وەفاتی كرد .

خۆ ئەگەر هاتوو لە غەیری دە شەوی كۆتایی مانگی ڕەمەزان ئیعتكاف كرد صەحیح ودروستە، چونكە تەنها خیلافی لە پێشتر و باشتری كردووە، نەك خیلافی ئەصڵی عیبادەتەكە .

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2020) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1172) ڕیوایەتیان كردووە .

هەر کەس نیەتی هێنا کە دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزان ئیعتکاف بکات ئەوا دەبێت نوێژی بەیانی بیست ویەکەمی ڕەمەزان لەو مزگەوتە بکات کە نیەتی هێناوە ئیعتکافی تێدا بکات، پاشان ئیتر دوای ئەوە دەچێتە ئیعتکافەکەیەوە، وە بە ڕۆژئاوا بوونی کۆتا ڕۆژی مانگی ڕەمەزانیش کۆتایی دێت .

2-سوننەتەکانی ئیعتکاف :

ئیعتکاف عیبادەت وپەرستنە و بەندە لەگەڵ خالق وپەروەردگاریدا خەڵەوەت دەکات، و هەموو پەیوەندیەکانی بە غەیری خوداوە دەپچڕێنێت، جا لەبەر ئەوە سوننەتە ئەو کەسەی ئیعتکاف دەکات ئەو ماوەیە خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ پەرستن وطاعەتی خوای گەورە، نوێژی بەخشوع و ذیکر ویادی خوا نزا وپاڕانەوە وخوێندنی قورئان و تەوبە و ئیستغفار وهاوشیوەکانیان لەخواپەرستی زۆر بکات، کە لە پەروەردگاریان نزیك دەکاتەوە، چونکە مەبەستی سەرەکی ئیعتکاف دوور کەوتنەوەیە لە مەشغەڵەتی دونیا وخۆ خەریك کردنە بە یادی خوا وداوای لێخۆشبوون لێی و خۆ پاکردنەوە لە تاوان وگوناهـ خوای گەورە لەم مانگە پیرۆزەدا هەمووان پاك بکاتەوە لە گوناهو تاوان .

3-ئەو شتانەی دروستە کەسی ئیعتکافکار ئەنجامی بدات : دروستە ئەو کەسەی ئیعتکاف دەکات ئەگەر کارێکی ضەرور و پێویستی هەبوو لە مزگەوت بچیتە دەرەوە، وەك چوونە دەرەوە بۆ خواردن وخواردنەوە، بەڵام بەو مەرجەی ئەگەر کەسێکی دەست نەکەوت بۆی بهێنێت بۆ مزگەوت، وە دروستە چوونە دەرەوە بۆ سەرئاو ودەست نوێژگرتن و غوسلی جەنابەت، ئەگەر هاتوو لە ناو مزگەوت جێگای تایبەتی نەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو شتانە .

وە دروستە قسە و وتوێژی بەسوود لەگەڵ خەڵکیدا بکات، ئەو قسانەی کە سوودی دین ودونیایانی تێدایە، وە دروست وەڵامی پرسیار لەحاڵو گوزەرانیان بکات، بەڵام قسە و ووتوێژێك کە هیچ پێویست نیە و سوود وقازانجێکی تێدا نیە، دژ وپێچەوانەیە بەو مەبەست ومەقصەدانەی کە ئیعتکافی بۆ دانراوە، وە دروستە خزم وکەسوکاری

سەردانی بکەن بۆ ناو مزگەوت، وە کاتێکیشیان بۆ دیاری بکات بۆ قسە و وتووێژ کردن لەگەڵیاندا، وە بچێتە دەرەوە بۆ خوا حافیزی لێکردنیان، لەم بارەیەشەوە صەفیەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێت :

دەڵێت : " كان رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) معتكفا فأتيت ليلا، فحدثته، ثم قمت، فانقلبت، فقام معي ليقلبني ... " [(1)] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە ئیعتکافدا بوو، منیش شەو چووم بۆلای و قسەم لەگەڵ کرد، پاشان هەستام وپشتم هەڵکرد، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەگەڵمدا هاتەوە تا گەیاندمیەوەماڵەوە .

وە دروستە کەسی ئیعتکافکار لەناو مزگەوت بخەوێت و نان و ئاو خواردن وخواردنەوەش هەر لەوێ بخوات، بەو مەرجەی کە ڕەچاوی پاکوخاوێنی وپاراستنی کەلوپەلی ناو مزگەوت بکات .

## بابەتی چوارەم : ئەو شتانەی ئیعتکاف بەتاڵ دەکاتەوە :

ئەو شتانە کە ئیعتکاف بەتاڵ دەکەنەوە بریتین لە : -

1-چوونە دەرەوە لە مزگەوت بە عەمدی وئەنقصەدە بەبێ بوونی کارێکی پێوست، ئەگەر چی بۆ ماوەیەکی کەم وکوورتیش بێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عائیشەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : " وكان لا يدخل البيت إلا لحاجة، إذا كان معتكفا " [(2)] .

واتا : کاتێك پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە ئیعتکافدا بوایە لەبەر کارێکی پێویست نەبوایە نەدەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە .

چونکە چوونە دەرەوە لە مزگەوت، مانەوە بۆ طاعەت وعیبادەت وپەرستنی خوای گەورە هەڵدەوەشێنێتەوە، کە ڕوکنێکی گەورەی ئیعتکافە .

---

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2035) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (2175) ڕیوایەتیان کردووە .
(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2029) ڕیوایەتی کردووە .

2-جیماع وسەرجێی لەگەڵ خێزاندا : ئەگەر چی بەشەوی ڕەمەزان و لەدەرەوەی مزگەوتیش بێت، چونکە خوای گەورە ومیهرەبان فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمۡ عَٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَٰجِدِۗ ﴾ [ البقرة: ١٨٧ ] .

واتا : بەڵام ئەو کاتەی کە لەمزگەوتدا خەریکی ئیعتیکاف دەبن تێکەڵی ژنانتان مەکەن، واتە: چوونە لای ژنانتان لە تەواوی شەوەکانی ڕەمەزان و غەیری رەمەزاندا بۆتان ڕەوایە، مەگەر کەسێك لە مزگەوتدا نیەتی ئیعتیکاف و خەڵوەی هێنابێ ، دیارە نابێ ئەو کەسەیە بەهیچ شێوەیەك لە ژنەکەی نزیك بێتەوە؛ ئەگینا ئیعتیکافەکی هەڵدەوەشێتەوە.

بە هەمان شێوە ئەگەر کەسێك ئاویشی بێتەوە ئەگەر بە غەیری جیماع وسەرجێییش بێت، وەك ئاوی خۆ هێنانەوە، ویاری وگەمە کردن لەگەڵ خێزان، ئیعتکاف بەتاڵ دەکاتەوە .

3-شێت بوون ولەدەستدانی ژیری : بزانە ئیعتکاف بە شێت بوون وسەرخۆش بوون بەتاڵ دەبێتەوە، چونکە شێت و سەرخۆش ئەهلی طاعەت وعیبادەت نین .

4-سوڕی مانگانە و خوێنی ماڵ بوون : چونکە دروست نیە ئەو ئافرەتەی کە دەکەوێتە سوڕی مانگانە وخوێنی مناڵ بوونەوە لە ناو مزگەوتدا بمێنێتەوە .

5-پاشگەز بوونەوە لە ئاینی ئیسلام : چونکە ئەو کەسەی پاشگەز دەبێتەوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە ئەهل وشایستەی طاعەت وعیبادەت نامێنێت، خوای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴾ [الزمر: ٦٥].

واتا : ئەگەر جگەلە خودا کەسێکی تر بپەرستیت و هاوەڵ و وێنەی بۆ دابنێیت ئەوە هەموو کردەوەکانت دەسوتێت و سوودیان لێ نابینیت و دەچیتە ڕیزی زەرەرمەندانەوە.

[خوایه گیان بۆ خاتری ناو وصیفەتە بەرز وجوانەکانت ڕۆژوو وطاعەت وعبادەتی ئەم مانگە پیرۆزەمان لێ وەربگریت، وبیکەیت بە توێشووی ڕۆژی دوایی بۆمان، ئەو ڕۆژەی کە نە ماڵ وسەروەت وسامان ونە کوڕ وکاڵ هیچ سودێکیان نیە، ئامین یارب العالمین] . وەرگێڕ

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم